ئەی کریکاران وگەلانی زورلیکراوی جیهان یەک گرن !

chalakmuhamad@gmail.com

# لەبیرەوەری
# یادی
# ١٥ ساڵەی
# دامەزراندنی
# کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستاندا

کومیتەی ریکخراوی
کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
لەدەرەوەی وولآت

١٠-٦-١٩٨٥

خوینەری بەریز بەئەم هەلانەی خوارەوە رەچاوبکە لەگەل سوپاس

| لاپەرە | دیر | چەوت | راست |
|---|---|---|---|
| ٢ | ١ | هیلەیە تیو | خیلە کا یە تیو |
| ٢ | ١١ | بو یە کە لە کە مان | بو یە کو صە لە مان |
| ٣ | ٢ | بزوو نیە ری | بز وینــە ری |
| ٣ | ١٢ | سە را را ی | سە رە رای |
| ٤ | ١٨ | ی . ك . ن | ی . ن . ك |
| ٧ | ٩ | وە بو رینی | وە بو بر ینــی |
| ١٠ | ٢٣ | نا کولی | نا وکولی |
| ١١ | ٢٥ | لە بو نی تە نگو چە لە مە یە گی ئە خریتە قە وسە وە تا لاپە رەی ١٢ دیری . لە دوای وولاتدا قە وسە کە دا ئە خــری | |
| ١١ | ٢٩ | کە هە موخوینمژان | ئە بینری کە هە موو خو ینمژان |
| ١٢ | ٢ | پیشرە و کە جیگەی | پیشرە و ئە بینی کە جیگەی |
| ١٢ | ٦ | کوژا وە تە وە | هیزی چە کدا ر |
| ١٦ | ١٤ | رە دای | رە وا یــی |

chalakmuhamad@gmail.com

chalakmuhamad@gmail.com

# ئەی كرێكاران وگەلانی زۆرلێكراوی جیهان یەك گرن !

وا ( ١٥ ) ساڵی تەواو تێپەر ئەبێ بەسەر دامەزراندنی كۆمەلەماندا ، كۆمەلەی رەنجدەرانی كوردستان كە لە ( ١٠/٦/١٩٧٠ ) وەكو زەرورەتێكی مێژوی ئەوقوناغە لە دایك بوو .

لە بارودوخی ( ١٥ ) ساڵ لەمەوبەردا خەلكە ( م.ل ) و شورشگێرەكان بەپێی شێكردنەوە یەكی زانستی وچینایەتی كومەلگای كوردستان ، لە بەرتیشكی تیوری شورشگێری ( م.ل)دا ، دەریان خست رولی هەرچین و توێژێك چیە لەلا بەلا كردنەوەی ناكوكیە چینایەتیوو نەتەواییەتیەكاندا بەگوێرەی شوێن و جێگایان لە پروسەی بەرهەم هێنان وپلەی كومەلایتیو رەوتی چوونە پێشەوەیان لەرێگەی پارت و رێكخراوو هێزە سیاسیەكانەوە ، كەدرەو شانەوەی دیدو بوچوون وبیرو باوەرو بنەمای سیاسی و ئابوری كومەلایەتییانە لەقوناغی رزگاری نیشتمانیدا بویە گەیشتینە ئەو راستیە گشتیە زانستییەی كە كرێكارانی كوردستان وەك چینێكی بنچینەیی كومەلگای كوردستان ، هەروەك كرێكارانی تری هەموو گەلانی جیهان ئەبێ كاروخەبات بوخوی بكات لەپیناوی داخوازی و مافە چینایەتیكانیدا ، لەگەل دیاری كردنی رووانینی كرێكاران بو گەشەكردنی كومەلگاو ، بوپێشەوەچوونی لەرووی كومەلایتیو سیاسی و ئابوری یەوە بەگوێرەی ئایدولوژییەتی چینی كرێكار لە قوناغی رزگاری نیشتمانی و شورشی دیموكراتی و پاشان گواستنەوەی كومەلگای كوردستان بەرەو سوشیالیزم .

لەم رووانگانەوە گەیشتینە ئەوەی كە كرێكارانی كومەلگای كوردستان وەك چینێكی چەوساوەو شورشگێرو هێزی بنچینەیی كومەل و جووت لەگەل رەوتی مێژوودا تا چەوساندنەوەی مروف لەلایەن مروفەوە نامێنی نوینەری بەرهەمی تازەیەو پێویستی بەئامرازی سیاسی تایبەتی خوی هەیە لە

خەباتی چینا یەتیبوو نەتەوایەتییدا . ئەمە جگە لەوەی کە بوڕژواو خێڵە یەتیبوو دەرەبەگایەتی کورد [illegible] باڵە جیا کانیەوە لە ماوەی چارەکە سەدەی پێشوودا کە سەرکردایەتی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازانەی گەلەکەمانیان لە دەستدا بوو ، لە نائومێدی و ژێرکەوتن و بردنی بە هەلدێر و شکستی دا شتێکی تری ئەوتویان بو بەدەس نەهێنا بووە وە لە زورکاتدا ڕێ ڕەوی بزووتنەوەکەیان بە پاشکوی دوژمنانی گەلەکەمان و بەرژەوەندی ئیمپریالیزم و ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان و کونەپەرستانی ناوخو و ناوچەوە بەستبووەوە ، وە دوخێکی وایان هێنا بووە کایەوە کە بزوتنەوەکەیان لە دوستە سترا تیژییەکانی گەلەکەمان و جەماوەری زەحمەتکێشو و بیری شورشگێری دابڕی بوو .

بویە گەلەکەمان لە یەکگرتنی ئارەزوومەندانەی ئەو خەلکە ( م . ل ) و شورشگێرانە پێك هات ، بو خەبات کردن لە ڕووی ئایدولوژی و سیاسی و ڕێکخراوەییەوە بو هێنانەدی و پێکهێنانی پارتی ( م.ل ) ی پێشڕەوی چینی کرێکارانی کوردستان لە خەباتی چینایەتیبوو نەتەوایەتییدا . وە ئەو پارتییە دەستە بەری ئەوە بێت کە بزوتنەوەکە بگەڕێنێتەوە بو سەر ڕێبازی ڕاستەقینە و سروشتی خوی ، وە گرێی بداتەوە بە شورشی سوشیالیستی جیهان و ئینترناسیولیزمەوە دژی ئیمپریالیزم و ڕژێمە دیکتاتور و هێزە کونەپەرستەکانی ناوخو و دەرەوە لەم ڕووەوە کومەڵەمان هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە خەباتی سەختی کردوە لە پێناوی ئەم ئامانجە پیروزانەدا ، لە هەموو بوارێکدا هەوڵو تەقەلای بێ وچانی داوە کە بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی جەماوەری خەلکی کوردستان ، بە تایبەتی کرێکارانی و جوتیاران و ڕوشنبیری شورشگێر بە بیری شورشگێرانە شوور بە بکات چ لە کارگە و کێلگە و دام و دەزگا ڕوشنبیرییەکاندا ، چ لە ناوشورش و ڕێکخراوە پیشەییەکاندا بە پێی قەوارە و توانای خوی هەوڵی داوە بو ئاشنا کردنی کومەلانی خەلکی کوردستان بە بیری شورشگێرانە و ناسینی تیوریکەی خویە و وەردەگرتن بیری کە لە خزمەتی بەرژەوەندی زوربەی زوری کومەلانی خەلکدا بێ بە تایبەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان ، بە نیازی ئەوەی ئەو



chalakmuhamad@gmail.com

بیر و بوچوونه شورشگیرانه لایان بچه سپی و رەنگ دابکوتیوو ببیت بە هێزێکی بزووتنیه ری مادی ئه گورانی قـول و بە رین لە کومه لدا بینیته کایـه وه و بە بە رژه وه ندی چه وساوه کان بیت .

chalakmuhamad@gmail.com

ئـه وەی ئاشکرایـه خە باتـی کومه لە مان لە بار دوخی خە باتی ئـه و سای ژیر زه مینی دا وا ئاسان نه بوو ، سه بارەت بە وەی کە وتبوو ه نیوان دو بە ردا شه وه ، لە لایه کە وه مه ترسی هیرش وپە لا ماری رژیمی دکتا توری بەغدا ، لە لا یه کی تریشـه وه مه ترسی سه رکردایه تی خیلەکی و بورجوا زی راست رە و ، ئه مه جگە لە هەر دووبا لەکەی پا رتی کومونیستی عیراق کە ئه وپە ری دژا یه تی کومه لە یان ئه کرد و بە ده یان ناوو ناتوره یـان بوهەل ئه بەست ، نا را سته وخو هاوریبیانـی کومه لە ما نیان بـو دوژمنـه چینا ییتیـه کا نمان ده ست‌نیشان ئه کرد .
سه را رای ئەم هه موو کوسپ و با رە نا هه موا رانەش کومـه لە تـــا را ده یه کی زور توانـی جی ی خوی بکا ته وه لە ناو جه ما وەری زه حمـه تکیشـدا لە رووی فکرییـه وه و لە هه مان کا تیشدا بینای خویشی بکـا ت لە رووی ئا یده ولوژیوو سیا سی و ریکخراوه ییـه وه ، کادرو ئه ندا ما نـی پە روە رده بکات بو قوناغی دا هاتووی خە باتی شورشگیر انـه .
بو یه هه ر لە دوای ئا شبه تا لە ئابرو بە رەکەی سه رکردا یه تـــی بورجوا زی و خیلەکی را ست‌رە و ، دوای ریکه وتنـه کەی جه زا ئرکە لـــه و کا ته دا کومه لە مان تاکە ریکخراوی سیا سی سه ر گوره پا نـی کوردستا ن بـــوو ،ها ته سه ر شانوی سیا سی و لە رووی خە باتی ئا یدولوژی وسیا سی و ریکخرا وه یی و جه ما وه ر یه وه ، وه لامی ئه و روژگار و واقعه تا لـه ی دوای ئا شبه تا لی دا یه وه ، بە گرتنه بە ری هه موو شیوه کانی خه بـــا ت لە سه رو هه موویا نه وه خه باتـی چه کدا ری دژی رژیمـی رە گه ز په رستی بەغدا ، کە بەعس سه رمه ستـی ئه و سه رکه وتنه بو شه و شه رمه زا رییـه ی بوو کە لە ئه نجا می ئا شبه تال و ریکه وتنه کەی جه زا ئر ، وه بە خه یالـــی خویـــان مه سه لەی کوردیان لە گورنا و ، وه بە په لە کە وتنه گورینی سیما ی نه ته وا یه تی گه لی کورد ونیشتما نه کەی وه کە وتنه را گوا ستن و بە عه رە ب

و بەعسی کردن و دەربەدەرکردنی خەلکی کوردستان وچول کردنی

chalakmuhamad@gmail.com

ناوچە نەوتیوو بەناو ستراتیژیەکان و نیشتەجی کردنی عەرەب و ....

تەرخان کردنی هەموو هیزوتوانا یەکیان بو تواندنەوەی گەلی کورد و

داگیر کردنی کوردستان و هینانی زوربەی سوپاکەیان بو کوردستان

لەلا یەکی تریشەوە کەوتنە گرتن و راونانی هاوریانی کومەلە و

هەرەشە و تۆقاندنی جەماوەری خەلکی کوردستان .. ئیتر

ریکخراوە کارتونییەکان و حیزبی شیوعی عیراقی هاوبەشانی لەوەی

کەپیان ئەوت ( الجبهه الوطنیه القومیه التقدمیه ) دا کەوتنە بەیت و

بالورە و دەهول و زوورنا لیدان بەشان و باهوی بەعس وسەرکەوتنەکە

یدا بەسەر جولانەوەی نیشتمانی کوردستان دا لەژیر پەردەی تیکشکانی

( الجیب العمیل ) دا .

## ئەی جەماوەری ئازادیخوازان !

ئالەو بارە ئالوزو ترسناکەی دوای ئاشبەتال و هەلویستی دوژمنانەی

رژیمی دیکتاتوری عفلەقیەکان بەرامبەر بە بزووتنەوەی رزگاریخوازانە

ی گەلی کوردوسەرجەم میللەتی عیراق .. وەبوخستنەکاری هەموو

هیزو توانا یەکی جەماوەری خەلکی کوردستان بوبەکردار وەستان و بە

رەنگاری بوونی پیلانی فاشستیەکان .

کومەلەمان رولیکی کاریگەری بینی لەدامەزراندنی ( ی . ك . ن )

لە ( ١ /٦/ ١٩٧٥ ) وەکو نیمچە بەرەیەك بوکوکردنەوەی ریکخراو و بالە

جیا جیاکانی ناوبزووتنەوەی نیشتمانی کوردستان کەهەریەکە سەربەخوی

فیکری و سیاسی و ریکخراوەی خوی هەبیت و پیکەوە لەمەیدانی خەباتی

جەماوەری و شورشگیری و چەکداریدا کاربکەن و ئەرکە نیشتمانیەکان بگرنە

ئەستوو و بەرگری لەشەرەفی کەرامەت و پاراستنی گەلەکەمان بکەن .

وەکو لەمان لەم بوارەدا دەوریکی بالا بینی لە پیکهینانی

دەزگاکانی ( ی . ن . ك ) بەهاوکاری لەگەل تیکوشەرانی تری ناو

یەکیتی دا چ لەناوەوە و دەرەوەی وولات چ لەخەباتی ژیرزەمینی ناو

شارەکان و خەباتی هوشیارکردنەوەی جوتیاران و چەکداریدا .. هەر

chalakmuhamad@gmail.com

چەندە کومەلەمان تووشی چەندین گیروگرفت و چەپوکی رژیمی دیکتاتوری بەغـدا بوو بوو چەندین ئەندامانی سەرکردایەتی وەك شەهیدشەهاب و جعفـر و انور لەبەردەم پەتی سیدارەدا بوون ، ئەمە جگە لەدەیـان کادرو ئەندامانی تری کومەلە کە لەزیندانەکاندا توند کرابوون . لەگـەل هەموو ئەمانەشدا هاوریبیانـی کومەلە بەوپەری لەخوبوردن و گیانـی شورشگیریەوە دەستەی چەکداریان دروستکردو . . خەباتی چەکـدار دەستی پیکردەوە بوبەرگری لە گەل و ماف و خاك ، وەهەمیشە هاوریبیانی کومەلەمان لەریزی پیشەوەی ئەوخەباتە سەخت و دژاوارە بوون لەنـاو ( ی . ن . ك ) دا ،وەچەندین سەرکردەو کادری لیوەشاوی لی شەهیـد بوو نموونەی شەهید ئارام و ماموستا عزیز و شەهید سیروان . . .

لەکاتیکدا گەلەکەمان تووشی ئەوهیرش و پەلامارە درندانەیەی دوژمن بوو بوو کە بەهەموو شیوەیەك گەرەکیان بووگەلەکەمان لەناو بەرن و تەفرو تونای بکەن ،وەدوای ئەوەی جەنگاوەرانی کومەلەو یەکیتی لەنـاو تاریکی بی ئومیدی ئاشبەتالەوە دەستیان دایە چەك بو بەرگری کـردن لە شەرەف و کەرامەتی نەتەوەی کورد ، بەلی لەو کاتەدا قیادەی موقەت قـووت کرایەوە و وەکوقارچك هەل تووقینرایەوە ،ئەمەش نەك بوخەبات و بەرگری لە مافی گەلی کورد بەلکو بولیدانی ئەوبزووتنەوە نوی یـەو دریژەدان بە بەردەوام بوونی حالەتی ئاشبەتالیـان ، هەروەکو یەکیـك لەسەرکردەکانیان ( ووتەنی ئەوان ئەگەر نەشتوانن شورش بکەن بەلام ئەتوانن تیکـی بدەنەوە ) ئەگینا دەستکردن بە شەهید کردنی هاور یانـی کومەلەو یەکیتـی لەخزمەتکی دا بوو ؟! شەهید کردنی هاوریانی کومەلە ابراهیمعزو وعزمتشەنگاری و قاسم محمد علی و عمرەشید وجەبار سەندی و هاوریکانیان ، شەهید حسن خوشناو و هەفالەکانی ، ئەندامانی سەرکردایەتی ( ی . ن . ك ) شەهیدان عـلی عسکری ودکتـور خالـد و حسین بابەشیخ وەشەهید کردنی دەیان قارەمانی تر بەدەستی ئەوان لە خزمەت مەسەلەی کورد و خەباتەرەواکەیدا بوو ؟ یالەخزمـەت رژیمـی فاشستی عیراق و داگیرکەرانی کوردستاندا بوو ؟ لەلایەکی تریشە وە حزبـی شیوعی عیراقی لەحیاتی پشتگیری کردن لە بزووتنەوەی رەوای

گه له که مان ، که وتنه هیوش بردنه سه ری و به بزووتنه وه یه کی گومان لیکراو و کونه په رست و سه ر به بیگانه و ئیمپریالیزم ئه بغدا یه فه نه م و له کاتیکدا که رژیمی ره گه ز په رستی به غدا ( ١٤٥٠ ) گوندی کوردستانی راگویزا بــــو ئوردوگا زوره ملی یه کان و ژماره ی دانیشتوانیان زیاتر له ( ٧٥٠ ) هه زار که س ئه بوو که چی ئه مانه له ژیر سیبــه ری ( جوقت ) دا ته پلیان بو لی ئه دا و به دیهاتی عسری ناویان ئه برد ، نه ك به کامپی سه ربازی و ئوردگا ی زوره ملی !! که چی سه یر و سه مه ره ئه وه یه که ئیستاکه ش ئه و خاوه ن را بوور دوه پاکانــه !! خویان به خاوه نی مه سه له ی کورد ئه زانن و فرمیسکـــــــی تمساحا نه ی بو ئه ریژن !! هه ر وه کو ئه وان به ر پرسیار نه بن له و کــاره ساتــه ناهه موار انه که به سه ر گه لی کورد و بزووتنه وه که یدا هینراوه !!

هه ر وه کو ( پدك ) خاوه نی ئه و ئاشبه تاله گه وره یه نه بوو بیت که لــــه میژوودا له و بابه ته نابینیتــه وه . . یا هه ر وه کو حشع نه بو بی بوو بیتــه بلویر ژه نی سه دامی سه رکرده ی کاروان و به ره و سوشیالیزم و کاستــــروی عیراق و روژ هه لاتــی ناوه راســـت !!! .

ئه وه ی ئاشکرایــه له گه ل هه موو ئه و باره سه خت و دژوارانه شــــدا له گه ل درنده یی و به هیزی دوژمندا ، له گه ل گه له کو مه کییه ی هیزه کا نــی پدك ، حشع حسك . . کو مه له مان و یه کیتــی توانیان که بزوتنه وه ی رزگاری خوازی گه له که مان ببوژیننــه وه و ،گه لی کورد له نا ئو میـــــدی رزگار بکه ن و روژ به روژ به هیز تربن و جه ماوه ری زه حمه تکیشی له ده وری له ده وری ئالای شورش وکو مه له و ( ی . ن . ك ) کوبکه نه وه ،وه هه تا بیت خه بات به ره و توندو تیژتــر بروات وگه شه بکات دژی رژیمی شوفینــی و دیکتا توری به غدا بو دابین کردنـی رژیمیکی دیموکراتــی بوعیراق و مافــی بریار دانی چاره نوس بوگه لی کورد و ،هینا نه دی داخوازیه کانی تریکارا ن وچینــه زه حمه تکیشه کان . . ئه مه جگه له وه ی به رده وام خه باتی کو مه لــه مان و یه کیتــی هه میشه دژی نه خشه و پلانه کانی ئیمپریالیزم و نوکه رانــی بووه له ناوچه که و دنیا . . وه سه بارت به وه ی که کو مه له که هیلی سیا سی خوی به پی ی هه لسه نگاند نیه کی زانستیانه وتاییبه تیه کانی کو مه لگــــا ی کوردستان وهه ل ومه رجی خه بات ودیاری کردنی دوست و دوژمـــن

دارشتوه و هه میشه گونجاو بوه له گەل خه باتی ئەم قوناغەی گه له که ماندا
chalakmuhamad@gmail.com
بو یه توانیویتی ئەم ماوه کورتەی ته مه نیدا جیگای خوی بکاته وه له ناو قولایی جه ماوه ری زه حمه تکیشی کوردستاندا و ببیته جیگای متمانه و بروای کومه لانی خه لکی کوردستان له خه باتی سه ختدا بو دابین کردنی داخوازیه ره واکانیان

## - کومه له مان و به ره ی نیشتمانی یه کگرتو !

کومه له مان هەر له سه ره تای دامه زراندنیه وه ، قوناغی خه باتی ئه م سه رده مه ی به قوناغی رزگاری نیشتمانی و دیموکراتی ده ستنیشان کردوه ، وه بوریني ئەم قوناغەش به سه رکه وتوویی هه ولو ته قه لای داوه بو خه ملاندنی و هینانه کایەی پیدا ویستیه کانی سه رکه وتنی شورش . دیاره جگه له پیویست بوونی پارتی پیشره و خاوه ن تیوری شورشگیر ،بەره ی نیشتمانی یه کگرتووی گه لیش مه رجیه کی تری سه رکه وتنه و چه کیکی کاریگه ره بوگری دان و به ستنه وەی خه بات و تیکوشانی هیزو پارت و ریکخراوه سیاسیه کان که نوینه ری چین و تویژه کومه لا یه تیه دیموکراتوو پیشکه وتنخوازه کانن و بوبه گه ر خستن و یه کخستنی خه بات و هاوکاری هه موو ریزه کانی گه ل له به ره یه کی یه کگرتووی نیشتمانیدا که دژی ئیمپریالیزم و نوکه رانی و رژیمەی دیکتا توری به غدا ،خه بات بکات له پیناوی هینا نه دی ئاوات وئامانجه کانی گه لدا و سه رخستنی شورشی دیموکراتی ونیشتمانی که له قوناغی ئیستادا هیچ لا یەك به ته نها ناتوانی ئه و ئه رکه به جی بهینی هه ربویه کومه له ده وری کاریگه ری بینی له دامه زراندنی ( ی . ن . ك ) وه کو نیمچه به ره یه کو پاشان به شداری کردنی یه کیتی ی له ( التجمع الوطنی العراقی ) داو له ( جوقد ) دا ،که له دوایشدا به ره ( ۱۹ ) قولیه کەی طرابلس کـه لـه ( کانونی دووەم ــ شباط ) ی ۱۹۸۳ دا بوو ئیمزاو په سه ندی کرد ورولیکی گرنگی بینی له وهه ولو ته قه لا یه داو پاشانیش له کوبونه وەی شامیشدا ،که به داخه وه ئه میشیان سه ری نه گرت سه بارەت به پاشگه زبوونه وەی حشــع وپدك وه هه موو ئه مانه له به رتیشکی ئه وبووچوونه راست ودروستـه ی سه ره وه مان بوون .. به لام ناحه زان و دوژمنانی به رەی راسته قینه له ناو

سەرکردایەتی حشع وپدك دا بوونە هوی لەبار بردنی ئەو هەولوتەقەلا
chalakmuhamad@gmail.com
دلسوزانە ،بەجوریك چ بەرەنگەی خویان ( جوود ) وە چ ( جوقد ) بیان
بەتال کردەوە لەناورۆکی بەرەیەکی راستەقینە و کارتیکەر ..

وەکو لەکوردستانیشدا جەندین جار هاو پەیمانی دووقولی لەگەل
حشع و ،جەندین پەیمانی مەیدانی و سەربازی لەگەل ( پدك ) ولایەنە
کانی تردا مورکرا ، بەلام هەموو جاریك هەرلایەنەکانی تربوون کە هەوی
سەرەکی بوون لەسەرنەگرتنی ئەو هاوکاری و پەیمان مورکردن و بەرانبە
وەکو تایبیبەکەیان بەنەخشەوپلان شکاندوتەوە بەنیازی دەرپەراندنی
کومەلەو یەکیتی لەسەر ساحەی کوردستان و بەمەبەستی مونوپولوکرد
نی ساحەکە بوخویان وتیکدان وشیواندنی بزووتنەوەی رزگاری خوازانەی
گەلەکەمان و وەبوئەوەی لەراستیدا خەباتیەکی جدی نەکری دژی رژیمی
بەغدا و داگیرکەرانی کوردستان ..

دیارە ئەمە جگە لەمەبەستە شاراوەکانیان کە پەنجەمان بوراکیشا
زەمینەی ئەم بیرە چەوتوو زیان بەخشانەیشیان لەوەوە هاتبوکە ئیمە
تاکە لایەنی ناو ( جوقد ) بین کە لەسەر ساحەی کوردستان بین وسنورە
کان لەئیمە لەهەموولایەکەوە داخرابی وگەمارودرابین و ،بوئەوانیش
ولاولەسەرپشت بی بەگویرەی ئەو پەیوەندیە دەرەکیانەی کە هەیانە ،وە
بایان ئەزانی کەبەگەلەکومەکی کردن و پیلان دانان بوسەر هیزوبارەگا
کانی کومەلەو ( ی .ن .ك ) ئیتر بەمەلەمەیدانی خەباتی شورشگیری
دەرمان ئەپەرینن و خویان ئەبن بەشورەسواری مەیدان ومەبەستەکا
نیان ئەتوانن بهینننەدی ،بی ئەوەی جاویان لەوراستیە بیت کە
کومەلەو ( ی .ن .ك ) هیزو توانای خویان لەناو قولایی جەماوەری
زەحمەتکیشەوە هەلهینجاوە و بەوان لەناو ناچی و ،ئەو جورە کارانە
هەربەزەرەر ئەگەریتەوە بوسەر بزووتنەوەی نیشتمانی عیراق بەگشتی
و کوردستان بەتایبیبەتی .. وەبەم کردەوانەیان زیاتر ناکوکی ناوخو
قول و بەرین تر ئەکەن وبرینەکان قول وتازە ئەبیتەوە .. ئەمە جگە لەوەی
کە بەناهەق دەیان هاوری وهەفالی تیکوشەرو هیژا و قارەمانیمان لی
شەهید کردووین کە هەندیکیان لەمەیبەر ناومان هینان ودەیانی تر

وەكو شەهيدان ماموستا جمال و هاوريكانى ، شەهيد جمال علي باپيـــر و شيخ شەمال و سەرباز و ماموستا پيشرە و هاوورى تقى مستەفا و حمە غفور و ... وده يان قارەمانى تر كە زور بە زەحمەت شوينە كانيان پر ئەبيتە وە ..

chalakmuhamad@gmail.com

## ـ مەسەلەى گفتوگو ـ

### هاوولاتيانى بەرێز

ئاشكرا يە كە گفتوگو لە ناوەروكدا بريتى يە لە ململانى ى سياسى لـــە نيوان دوولايەنى دژ بە يەكدا ،هەر لا يەك بە نيازى وەدەست هينانى دەست كەوتەكانى يان هەنديكى ،لە پيناوى بەرژەوەندى خويدا بـــە تايبەتـى لە كاتى قول بوونە وەى ناكوكيەكان وهەل و مەرجى تايبەتيدا ، رووى تى ئەكات .. ديارە گفتوگوش وەكو هەموو دياردەيەكى تـر دوولايەنى هەيە ، لايەنيەكى چاكە ولا يەنيەكى خراپە ، وەشيوەيەكە لە شيوەكانـى خەبات كە هەموو بزوتنەوەيەكى شورشگير لە زەمين و زەمانى خويدا وبەگويرەى تەرازووى هيزەكان و بارو دوخى بزووتنەوەكە و بارى بابەتى و خوى و ناوچەى و هەتا جيهانيش ،لەگەل هيزو تواناى دوژمن و قول بوونە وەى گيروگرفت وبار و دوخى سياسى و ئابورى و كومەلايەتـى و رادەى هاتنە پيشە وەى و مجبوركردنى بو ووتوويژ بەرەورو وى ئەبيتــە وە .. ديارە هەر هەموو ئەمانە رولى تايبەتى خويان هەيە لـــە مەسەلەى گفتوگودا و ئەنجامەكەيدا .. وە ئەوەى روون و ئاشكرايـە كـە خەباتى چەكدارى و شورشگيرانە بەهيليكى راست و رەوان بەرەوپيشە وە ناروات بەلكو بە چەندين كوسپ و تەگەرە و گيرو گرفت وهەل چـوو ن و داچون و نوشستـى و هەميسان بەرزبوونە وەدا تيپـەر ئەبى .. بەلام لە هەموو مەسەلەيەك وهەنگاويكدا ئەبى داخوازى وئامانجەكانى بزووتنە وەكە و گەل لە سەرو هەموشتيكە وە دابنريت و گفتوگوش وەكو هەمـــو و شيوەكانى ترى خەبات ئەبى لە خزمەت ستراتيژ و نزيكبوونە وەى ئامانج و داواكاندا بى ، وە ئەبى بزووتنە وەكە بەرەوپيشە وە بەريت و بە هيـــزى

بكات ، ئه‌گینا ئه‌نجامه‌که‌ی به‌زیان ئه‌گه‌ریته‌وه بو سه‌ر ئه‌و ریکخراوه و
chalakmuhamad@gmail.com
ئه‌و بزووتنه‌وه‌یه‌ی که‌پی ی هه‌ل ئه‌سی . به‌واته‌یه‌کی تر قازانجی زیاتر بسی له‌زیانسی .. ئاشکرایه بوهه‌موو ریکخراویك یا پارتیه‌ك كه ئه‌ركسی به‌رپرسیاری وجله‌وی بزووتنه‌وه‌یه‌کی شورشگیری له‌ده‌ستدابی ،وه خه‌بات بکات بوهینانه دی ئامانجه‌کانی ، مه‌سه‌له‌ی گفتوگو له‌گه‌ل دوژمن و به‌رامبه‌ره‌که‌ی شتیه‌کی ره‌وایه و مافیکی ته‌واوه‌تی خویه‌تی که‌به‌پی ی باری بابه‌تی و خوی‌و هه‌ل و مه‌رجی خه‌بات رووی تی ئه‌کات . ئاله‌م رووانگانانه‌وه مه‌سه‌له‌ی گفتوگوی ( ی . ن . ك ) ،وه‌ك مبدأ ره‌وایه‌و مافیکسی ته‌واوه‌تی خوی بوو وه‌خویه‌تسی .

ئه‌وه‌ی ئاشکرایه مه‌سه‌له‌ی ووتو یژی ( ی . ن . ك ) له‌گه‌ل میری له‌خوشی خومانه‌وه نه‌هاتبوو ،له‌وه‌وه نه‌هاتبوو که ئیمه پیمان چاك بو و ، به‌لکو له‌ئه‌نجامی کومه‌لی فاکتور وهوی ناوخویی ودره‌کی وباری بابه‌تی و خویی وه هاتبوو که وای کردبوو گفتوگو خوی بسه‌پینی به‌سه‌ر ی . ن ك وکومه‌له‌دا و ببیته هوی ئه‌وه‌ی که‌شه‌ر رابگیری و گفتوگو دست پی بکری .

بویه حه‌زئه‌که‌ین به‌کورتی په‌نجه بخینه سه‌ر هه‌ندی هوی سه‌ره‌کی ئه‌و گفتوگویه .. وه‌به‌لای ئیمه‌وه یه‌کیك له‌هه‌ره گرنگو سه‌ره‌کیه کانسی ئه‌گه‌ریته‌وه سه‌ر ئه‌ستوی هیزی به‌ربه‌ره‌کانی عیراق و ئوبا له‌که‌ی به‌پله‌ی یه‌که‌م له‌سه‌ر ئه‌وانه . چونکه ( ی . ن . ك ) وکومه‌له به‌دریژای ( ٨ ) سالی ره‌به‌ق هه‌ولو ته‌قه‌لایه‌کی زوریان دا که شورشه‌که بکه‌ن به‌شورشیکی عیراقی و سه‌رانسه‌ری وولات بگریته‌وه .. دیاره رووخاندنسی رژیمیش هه‌ر له‌به‌غدا وه ئه‌روخیت‌و شورشی کوردستان هه‌ر ده‌توانی رژیم ماندووبکات ،لاوازی بکات ، ناکولی بکات و ئیستنزافی هیز و توانای بکات‌و زه‌مینه بو رووخاندنی خوش‌بکات که لم‌بواره‌دا یه‌کیتسی و کومه‌له دریغیان نه‌کردووه .. به‌لام به‌داخه‌وه به‌رهه‌می ئه‌وهه‌ولو ته‌قه‌لایه‌مان نه‌بوو ، هیزه به‌ربه‌ره‌کانیه‌کانی عیراق نه‌ك هه‌ر نه‌یان توانی شورشه‌که بکه‌ن به‌شورشیکی سه‌رانسه‌ری عیراق به‌لکو نه‌یشیان توانی که‌سود له‌و ته‌وژمه شورشگیریه‌ی که‌له‌ناچه‌که‌دا هاتبوکایه

وه له ئه نجامی سه رکه وتنی شورشی گه لانی ئیرا ندا ، پا شا نیتر هیـــچ سودیکیان له سه ری ئیران و ئیران وه رنه گرت و ئه وه شه وله بیشیان نه ك هه ر نه قوزته وه ، جه ما وه ری میلله تی عیراقیان نه ها ژاند به لکو وه ر ده وورده هیچ تواجـودی ئه وتویشیان نه ما له ناوه وه ی عیراق ، زیاتر خه باتیـا ن بوه ئه وه ی که به یان و شی کرد نه وه ی هه مه جور له ده ره وه ی وولات ده ر ـ بکـه ن .

chalakmuhamad@gmail.com

( جوقد ) یش نه ك هه ر نه یتوانی که لك له وبا ره ره خساوه وه ر ـ بگریت و بزووتنه وه یه کی جه ما وه ری له نا وه را ست وخوا رووی عیـــرا ق دروست بکات به لکو نه یشی توانی که پشت گیری مادی ومعنویش بـــو ( ی . ن . ك ) و شورشه که مان په یدا بکات و هه رهیچ نه بی لـــه و گه صا روو ته وقه رزگار مان بکات به لکو هه ر ئه وه ی ئه خوا ست کـــه ( ی . ن . ك ) وخه تکی کوردستان تا دووا پیشمه رگه ی شه هید ئه بـی شه ر بکات ، تا دووا شارو گوندی کوردستان کاول ئه بی له ژیر سا یه ی ( جوقد ا ) بیـــن ، بی ئه وه ی خویان له شوینی خویان بجولین وشتیه کی هه ست پیکراو هاوخه باتیه کی ئه وتو پیشکه ش به ( ی . ن . ك ) و شورشه که مان بکه ن .

( جود ) یش که له ئیران وناوچه سه ر سنوریه کانی کوردستـــا ن خویان مه لاس دابوو . . هه ر خه ریکی قول کردنه وه ی ناکوکیه کانی نا وخـــو و گه له کو مه کیـــه بو سه رکو مه له و ( ی . ن . ك ) بوون . وه ئه مانیـــش وه ك لا یه نه کانی تری ناو ( جوقد ) نه ك هه ر نه یان توانی هیچ که لکـــی له و بار و دوخـه ی عیراق وه ربگرن ، به لکو بوونه ری گری هه موو جوره له یه ك نزیك بوونه وه یه کو پیکهینانی به ره یه کی فرا وانی عیرا قـــی و نه ترد نـی خه با تیه کی کا ریگه ر و راست دژی رژیـم .

ئه مه بار و دوخی وه زعی هیزه به ر به ره کانیه کانی عیراق بوو . . بـــه وا ته یه کی تر نه هوی با به تی که خوی نه بوونی ته نگو چه له مه یه کـــی نیشتمانـی گشتی دا که هه موو خوینمژان و خوینمژرا وه کانی و چه وسینـه ره وه کان و چه وساوه کا نی گرتبیتـــه وه و ،هه لچوونی شالا وی شورش له سه را نسه ری وولا تدا به رپا بووبی و ئیفلا سی سیا سی و مه عنوی میری لـــه

به رچاوی خه لکدا به ته واوی ئا شکرا بوو بی ،وه نه هوی زاتی که خوی لـه بوونی پا رتیه کی پیشره و له جیگه ی باوه ری چینه کانی خه لك وكو مه لانـی خه لك بیت ، زووربه ی کریکاران و ره نجده رانی وولات به چاکی تی گه یشتبن که شورش زور پیویستیه و ئا ماده بن له پینا ویا بمرن و له گه ل بوونـی ها وپه یمانی که کریکاران و جوتیاران و به ره یه کی نیشتمانی یه کگرتـوو هه بی له چه کدا ، له سه را نسه ری وولا تدا ، له بار نه بوون و نه خه ملیو بوون ئه گه رچی حشع خوی به مونوپولی حیزبی چینی کریکاران و ره نجده رانی عیراق دا ئه نی به لام هیچ رولیکی به دی نا کری له نا ویا ندا نه له خوار وو نه له سه روو نه له کوردستان . چوونکه ئه مانه زور له میژه وه ئه و روله یان له ده ستدا وه .

ئه مه جگه له م هوسه ره کیانه ی پیشوو چه ندین هوی تر هه بوو لـه وا نه یه کیتـی وکومه له گه ما رو دراو بوو هه موو سنوره کانی لیدا خرا ـ بوو ، با ری ئا بوری جوتیارانی کوردستان وشا ره کان به هوی شـه ری چه ند سا له ی کورد و ئیران وعیرا قه وه زور ئالوز و خراپ بوو بـو و حسا ری ئا بوری رژیم له سه ر کوردستان ته نگی به جه ما وه ری خه لك هه لچینی بوو ،تا ئه هات بی کاری و بی ده رامه تی هه موو کوچه یه کـی کوردستانی ئه گرته وه ،له لا یه کی تریشه وه رژیم سه بارەت به وه ی که کـه و تبوه ناوبارو دوخیه کی سیا سی وئابوری و سه ربازی ئه وتووه له نجامـی دریژه کیشا نی شه ری نا ره وای عیراق وئیران وگه شه کردنی چا لاکـی پیشمه رگه ی کوردستان ، پیویستی به گفتوگو بوو ،ناچا ری ئه وه بوو وه کو تا کتیك له گه ل ( ی . ن . ك ) دا بکه ویته گفتوگووه و ئاما ده ی نیشـا ن بدات بوچا ره سه ری گوا یه ئاشتیا نه ی مه سه له ی کورد ، وه وای بـلاو ئه کرده وه له ناو کومه لانی خه لکدا که ئه و ئا ما ده یه که مه سه لـه ی کورد چا ره سه ر بکات به لام هیزه کانی کورد نا یانه وی گوا یه سه ربـه بیگا نه ن !! بویه ( ی . ن . ك ) و کومه له پاش هه لسه نگاندنـی ئـه و با رو دوخه و هه لوو مه رجی خه باتی ئه و سه رده مه ، له گه ل ئـه وه ی باش له سروشتـی چینا یه تـی رژیم گه یشتبوون و هیچ گوما نیه کیان لا نه بوو که رژیم رژیمیکـی بورجوا زی بیروکرا ته و له سه رده ستی ئه مانه دا



chalakmuhamad@gmail.com

مه سه له‌ی کورد چاره سه رنا کرێ .. به لام به له‌به رچاو گرتنی ئه وبـــار و
chalakmuhamad@gmail.com
زروفه و بوئه وه‌ی جاریکی تر ئه وبه لینه دروزنا نه یان لای جه مـــاوه ر و میلله تی عیراق به دروبخا ته وه و جه ما وه ر له دا هاتوودا زیاتر گیانـــــی فیدا کا ری و قوربانی و کوبونه وه‌ی له ده وری ئا لای شورش په ره بسینێ و وه بو ئه وه‌ی پا ریزگا ری بزووتنه وه که و هیزه سه ره کی و بنچینه یه که ی بکات و پشوو یه کیش بوه خسینێ بو پیشمه رگه و خه لکی کوردستان ئه گه ر چی بو ما وه یه کی کورتیش بیت ، ئه وه بوو شه ر راگیرا وگفتووگو ما وه‌ی سالیه کی زیاتر خا یاند .. به لام که زانرا دریژه پیدانــی گفتو گو له وه زیاتـــر زیان ئه به خشی به بزووتنه وه که و کومه له و ( ی . ن . ك ) ئه وه بـــو و بر یاری کوتای هینانی دراو شه ر به توندی ده ستی پیکرده وه .. جگـــه له وه‌ی شیوه‌ی کردنی ووتوو ویژه که خالی نه بوو له کەم و کوری و نا ته وا وی له گه‌ل ئه وشدا گه لیك سودی هه بوو له وا نه که مه سه له ی کوردی له عیرا قدا جاریکی تر هینا یه وه سه ر شانوی سیا سی و ده وله تی عیـــرا ق ناچا رکرا مانه وه‌ی مه سه له‌ی کورد و پیویستی چا ره سه رکردنی سیا سیـــا نه‌ی مه سه له که جاریکی تریش بسه لمینیته وه ، به پیچه وا نه‌ی درو ده لـــه سه کانی خوی که گوا یه مه سه له ی کورد له‌عیراقدا چاره سه رکراوه ، وه ئه مه ش بوه هوی گرنگی دانه وه بـــه مه سه له‌ی کورد له سه ر ئاستی ناوچه و جیهان .. له لا یه کی تره وه هیزی پیشمه رگه‌ی کوردستان په ره‌ی پیـــــدرا له رووی چونا یه تیوو چه ندا یه تیه وه وجه ما وه ری کو مه لانی خه لك لـــه شا رو لا دی کاندا زیاتر ریکخران و هوشیار کرانه وه و ئه نجو مه نی ئا وا یه کان گه شه‌ی پی دراو هیزی به رگری میللی چه نده قاتی جاران زیا دی کرد وو حه سا ری ئابوری له سه ر کوردستان تا راده یك هه لگیرا و خه لکی کوردستان وپیشمه رگه پشوو یه کیان داو ، له گه‌ل چه ندین ده ست که و تی تـــر که هه ره گرنگه کانی بریتـــی بوون له ئا سوده گی و ئا رامـــی لـــه نیوان هیزه کانی یه کیتی و لا یه نه کانی جود تا راده یکی زور ، درو شمـــی ئاشت بوونه وه‌ی گشتی به رز کرا یه وه له لایەن کو مه له و یه کیتی یـــه و ه له گه‌ل ئه وا نه شدا گفتوگو زیانی خوی هه بوو ، هه ر له وه‌ی که وتینه به ر تیر و توانجی ناحه زان له ده ره وه و ناوه وه و لا یه نه کانی جود ، له گـــه ل

chalakmuhamad@gmail.com

ئەوی پەیوەندیمان لەگەل ( ح.ش ) نەما و ئەمانیش کەوتنە بەیان دەرکردن دژمان وهەندی لەدوستەکانمان دلیان رەنجا لیمان و زوو بەر بوون ، رژیمی دیکتاتوری عیراقیش هەموو هەولو تەقەلا یەکی ئەوە بوو کە دامان بری لەجەماوەرو کومەلانی خەلکی کوردستان و سوکمان بکات لەبەرچاوی جەماوەر و پروپاگندەی زەهراوی ودروو دەلەسە هەل بەستیت وهانی نوکەرو دەستگا سەرکوت کەرەکانی بدات بو ئازار دانی جەماوەر و شەهید کردنی چەندین کادر و پیشمەرگەی کوردستان لەوانە شەهید سید کریم وهاوریکانی .. وچەندین کەسانی تری بەناهەق لی شەهید کردین و وازی نەهینا لەزەبرو زەنگو کوشتن وبرین و توقاندن ، لەلا یەکی تریشەوە ئەی ویست گری شەری ناوخویی خوش بکات و شەرەکە بکات بەشەری کورد بەکورد و ، بەجاریک دامان بری لەهیزی بەربەرەکانی و دوستەکانمان .. بەلام لەگەل هەموو ئەمانەشدا وەلامی هەموو دەست دریژیەکی رژیم بەتوندی درایەوە وجەماوەر زیاتر لەدەوری یەکیتی و کومەلە کوبونەوە و وەبەپیچەوانەی ویستی ناحەزانەوە نەیش بووین بەبەبەشیک لەرژیم و خەبات زیاتر توند و تیژتر بوو بەزەبرو فراوانتر بوو ..

ئەمروش وا نزیکەی ( ٥ ) مانگە کە بەرەسمی کوتای هاتوە بەگفتوگو لەگەل رژیم و خەباتی شورشگیرانەی چەکداری زور بەزەبرو زەنگتر لەجاران دریژەی هەیە ، گورانیەکی چونایەتی بەسەر جوری شەرەکاندا هاتوە و بەدەیان شەری قارەمانانە ئەنجام دراوە ، زیاتر لە ( ٩٣ ) رەبیەی سەربازی گیراوە ، سەدان سەرباز کوژرا و بریندار کراوە ، سەدان بەدیل گیراوە ، ( ٣ ) فروکەی هیلیکوپتر و یەکیکی جەنگی خراونەتە خوارەوە ، ئەم شەرانە وەنەبی هەر لەشاخ و دولەکاندا بی ، بەلکو چوتە نساو قولایی دەشتەکانی کرکوک و هەولیرو خانەقین وکفری وگەرمیان و شوان وشیخ براینی ودەشتی دزەیی و مخمور و ئالتون کوپری ... هتد وە لەم شەرانەشدا زیاتر ( ٥٠ ) شەهیدمان داوە ، لەو ژمارەیەشمان زیاتر بریندار بوە .. وە بەرامبەر بەمەش رژیمی دکتاتوری عیراق کەوتوتە ئەوەی شەل وکوبرم ناپاریزم وهەتا ئیستا ( ٥٠ ) گوندی لەگەل

زه ویدا ته خت کردووه ، به هه زاران که س ئاواره و ده ربه ده ر بوه ، به ده یان ژن و مندال و پیر شه هید بووه ، زیاتر له ( ۲۰۰ ) که س اعدام کراوون و به هه زاران که سیش خزینراونه ته قه لا سه ربازیه کانی یه وه له نیوان کرکوك و هه ولیر دا زیندان کراون .

chalakmuhamad@gmail.com

## ئه ی ئازادیخوازانی جیهان ونیشتمان په روه ران !

له م مانگه دا دوو رووداوی گرنگ له میژووی بزووتنه وه ی رزگاری خوازی گه له که ماندا تیپه ر ئه بی ئه ویش ( ۱۵ ) سال تیپه ربوونه به سه ر له دایك بوونی کومه له ماندا و ( ۱۰ ) سالیش به سه ر دامه زراندنی ( ی . ن . ك ) وه ك نیمچه به ره یه ك ، وه ك دوو ئامرازی خه باتی چینایه تی و نیشتمانی گه له که مان ، له ناو جه ماوه ری کومه لانی خه لك دا ئه ژین و له سه ر ساحه ی راسته قینه ی خه باتی روژانه قوربانی و فیداکاری بی وینه به گه له که مان پیشکه ش ئه که ن ، سوور له سه ر دا خوازیه چینایه تیو نه ته وایه تیه کانی گه له که مان له رزگاری و دیموکراسی و پیشکه وتنی کومه لایه تی و هینانه دی مافی بریاردانی چاره نووس و دووا روژیکی به ختیار و ئازاد بوگه ل و نیشتمانه که مان . بویه گگرتنی خه بات و هاوکاری له پیناوی وه دی هینانی ئه و ئه رکه پیروزانه دا کومه له مان دووباره داوا له هه موو هیزه کوردستانیه کان ئه کات ، که هه ولو کوششیان یه کخه ن بو دامه زراندنی به ره یه کی کوردستانی که به رنگاری نه خشه و پلانه کانی دوژمن ببیته وه و ، له ئاستی عیراقدا ریگه خوش که ر بی بو پیکهینانی به ره یه کی فراوانی عیراقی که زامنی هینانه سه رکایه ی رژیمیکی دیموکراسی بی بو عیراق و مافی بریاردانی چاره نووس بو گه لی کورد .

له هه مان کاتیشدا داوا له هیزه کانی ناو ( جود ) ئه کات که واز له پلان و نه خشه کیشان وه یاری به ئاگر کردن بهینن ، ئه وه نده ی دوژمنایه تی کومه له و یه کیتی ئه که ن با ئه وه نده ش دوژمنایه تی رژیمی دکتاتوری به غدا بکه ن . رووداوه کان سه لماندویه تی که هیچ سوود وه رناگرن له وجوره سیاسه ته یان ، ئه مه جگه له وه ی به گشتی گه له که

مان زەرەری تیا ئەکات و ناکوکیە لاوەکیەکان زیاتر قول ئەبیتەوە .
chalakmuhamad@gmail.com
وەبەردەوام بوون لەسەر ئەو سیاسەتە چەوتەیان ، ئەوراستیە زیاتر ئەچەسپی کەخویان کاری شورشگیرانەیان بو ئەنجام نادری لە قسەی بوش وفیشال بەولاوە ، کەئەمانەش هیچی تیناچی وباج لە سەر قسەنیە ، دیارە بەم جورەش نابن بە شورشگیر وکەسیش گوی بو قەوانە سواوەکانیان ناگری ..

وا ( ١٠ ) سالی رەبەقە خەباتی چەکدار لەکوردستاندا دەستی پیکردوتەوە دژی رژیمی دیکتاتوری بەغدا ، لەناوچەیەکدا کەبایەخ وگرنگیکی تایبەتی خوی هەیە لەرووی تەقینەوەی ناکوکیەکانیدا لەنیوان سەرباژگەی سوشیالیزم و ئیمپریالیزم لەلایەک ، وە لەنیوان بزووتنەوەی رزگاری خوازی گەلانی ناوچەو بەرەی ئیمپریالیزم و رژیمە کونەپەرستو شوفینی و دیکتاتورەکان و زایونیزم دا لە لایەکی ترەوە بزووتنەوەی رزگاری خوازی گەلی کورد وەمەسەلەکەی رەوای کەمتر نیە لە بزووتنەوەی رزگاری خوازی گەلی فەلسطین .

دەبا هیچ نەبوایە چالاکیەکانی حشع بو دوست پەیداکردن بوایە بو مەسەلەی کورد و بزووتنەوەی نیشتمانی عیراق ،وەلەباتی ئەو هیرش و پەلامارەی یەکیتی وکومەلە ،با هەولی ئەوەی بدایە کە دوست و یارمەتی بو بزووتنەوەی رزگاری خوازی گەلی کورد پەیدا بکردایە لای وولاتانی سوشیالیزم و بزووتنەوەی ئازادیخوازی جیهان و بزووتنەوەی کریکاران ودام و دەستگاکانیان چونکە ئەوەی روون وئاشکرایە بزووتنەوەی رزگاری خوازی گەلی کورد ، بزووتنەوەیەکی میژووکردی بابەتیە ، پیشکەوتنخواز و دژی ئیمپریالیزم و کونەپەرستی یە ،وەخوی بەبەشیکی جیانەکراوە ئەزانی لە شورشی سوشیالیستی جیهان وبویە پشتگوی ئینترناسیونالی وبەرەی سوشیالیزم بو ئەم بزووتنەوەیەروایە رولیکی گرنگی خوی هەیە .

لەهەمان کاتیشدا حشع خوی بەمیرات گەرو دوستی ئەساسی بەرەی سوشیالیزم ئەزانی ،هیچ نەبوایە با لەم بوارەدا سودی هەبوایە چ بوخویان ج بو کورد ئەگەر راست ئەکەن . لەگەل هەموو

ئەمانەشدا کومەلەمان لەوپەری هیزو توانابی یەوە ،لەهەستکردن ـ
chalakmuhamad@gmail.com
بە مسوئلیەت ، [illegible] لەترسی ئەم [illegible] ناسکەی کە
بزووتنەوەی رزگاری خوازی گەلەکەمانی پیا دا تیپەر ئەبی ،وە بو
قازانجی گەلەکەمان وسەرسەختی بزووتنەوەکەی لاپەرەیەکی نوی
بو هاوکاری و تیکوشان و خەباتی شورشگیرانە ئەکاتەوە لەگەل
هەموو ئەو هیزانەی سەرساحەی کوردستاندا کەبەپیر ئەوداوا
دلسوزانەمانەوەدین ، بو دابین کردنی دیموکراسیەت بو عیراق
و مافی بریاردانی چارەنووس بوگەلی کورد بەجی بەجی کردنی ئەو
ئامانجە پیروزانە برینەکونەکانی ناو بزووتنەوەی رزگاری خوازی
گەلەکەمان سارێژ ئەبی . قوربانیەکان وفیدکاری گەلەکەمان
بەفیرو ناچی وگیانی شەهیدانیش بەسەروەری ونەمری شاد ئەبیو
خوینیان بەفیرو ناروات .

بژی یادی ( ١٥ ) سالەی لەدایك بوونی کومەلەی رەنجدەرانی
کوردستان .

نەمری وسەربەرزی بو شەهیدانی ریگای رزگاری گەلەکەمان و عیراق و پرولیتاریای جیهان .

کومەلەی رەنجدەرانی کوردستان

ریکخراوی دەرەوەی وولات

ــــ ١٠/ ٦ / ١٩٨٥ ــــ

chalakmuhamad@gmail.com